# دیسان سەبارەت بە "حاجی بابەشێخ"

حاجی بابەشێخی جەمیان (سەیادەت) کەسایەتییەکی ناسراوی موکریانە. من لە نێوان ئەو و نەمران سەیفولقوزاتی قازی و ئایەتوڵڵا مەردوخی کوردستانیدا هەندێک هاوشێوەیی دەبینم: هەرسێکیان هەرسێکیان تێکەڵاوی سیاسەت بوون، هەرسێکیان جێگەی پەنا و هاواری خەڵکی لێقەوماوی ناوچەی خۆیان بوون و هەرسێکیان قسە ڕەوا و ڕێزلێگیراوی لای باڵندپایەترین مەئموورانی حکوومەتی پەهلەوییەکان لەناوچەکە بوون و تەنانەت ڕەزاشا و محەممەدڕەزاشای کوڕی خاتریان ڕاگرتوون و خەڵاتیان کردوون و تکایان لێ قەبووڵ کردوون.

دیارە ئەم هاوشێوەییە، بە واتای هاوشانی و هاوبیری، یا تەنانەت ڕێبازی هاوبەشی هیچکام لەو سێ کەسە نییە و من نامەوێت تایبەتمەندیی تاکەکەسیی هیچکامیان بە قازانجی ئەو بۆچوونە بکەم بەژێر لچەوە. بەڵام هەردوو لایەنی باسەکە، واتە سەرهەڵدانی ئەو کەسایەتییانە لە ناوچەی خۆیان و خۆ نزیک کردنەوەی ڕێژیم لێیان، وەک بابەتێکی جێگەی لێکۆڵینەوە دەبینم، کە هیوادارم لە دواڕۆژدا کاری لەسەر بکەم.

*****

سەبارەت بە حاجی بابەشێخ لەم دواییەدا دوو کتێبی گرنگ بڵاو بۆتەوە. یەکەمیان ناوی "حاجی بابە شێخ" ە و کاک عومەری فارووقی نووسیویەتی[1]، دووهەمیان کتێبێکە بە ناوی "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا"، کە نووسەرەکەی کاک ڕەحمان محەممەدیانە و فەسڵێکی سەرەکی تایبەت بە حاجی بابەشێخ کراوە [2].

جگە لەو دوو سەرچاوە بەڵگەنامەییە بۆ ناسینی کەسایەتی حاجی بابەشێخ، پێشتر گەلێک بابەتی دیکەش لێرە ولەوێدا نووسراوە، بەڵام بابەتی جێگەی باسی ئەمجارەی من، ووتارێکە کە ڕێزدار "ناسر عەلییار" لەم دواییەدا نووسیویە و لە ژمارە ١٦٤ ی گۆڤاری ڕامان چاپی ٢٠١١/١/٥ ی هەولێردا بڵاوبۆتەوە و پاشان لە وێبلاگی "خەونباز" ی کاک عەلی غوڵامعەلی دا ڕاگوێزراوە.

بابەتی سەرەکی ووتارەکەی کاک ناسر "دانیشتنی حەمامیان"ە. نووسەر، وەک ئەندامێکی بنەماڵەی عەلیاری ئامۆزای ئێلخانی زادەکانی بۆکان، بە شێوەی ئاسایی ئاگادارییەکی باشی لەو دانیشتنە هەبووە کە لە گوندی حەمامیانی ڕۆژئاوای بۆکان، موڵکی مەحموودئاغای حاجی ئێلخانی لە نێوان پێشەوا قازی محەممەد و حاجی بابەشێخ لە لایەک و سەرلەشکر هومایوونی، فەرماندەی سوپای ئێرانی لە ناوچەکە لە لایەکی تر، بەسترا و تێیدا بڕیاری کۆتایی هاتن بە حکوومەتی میللی کوردستان و

---

1 بڕوانە بەشی ٢١٣ ی ئەم زنجیرە ووتارە.

2 بڕوانە بەشی ٢٩٣ ی ئەم زنجیرە ووتارە.

گەڕانەوەی سوپای ئێرانی بۆ مەهاباد درا. دانیشتنەکەی حەمامیان دوابەدوای چوونی هەردوو کەسایەتی کورد بۆ میاندواو پێک هات، و لەمیاندواو سەرلەشکر هومایوونی فەرماندەی سوپای ئێرانی لەناوچەکە پێشنیاری چوونی حەمامیانی پێکردن و پێشەواش پەسندی پێکەوەچوونی ئەوێی کرد.[3]

هەڵبژاردنی حەمامیان لە لایەن هومایوونییەوە بە هەڵکەوت نەبووە. ناوبراو ئاگاداری هەڵوێستی بنەماڵەی ئێلخانی و هەروەها عەلی ئاغای عەلیار و قاسم ئاغای موهتەدی بەرانبەر بە پێشەوا وکۆماری کوردستان بوو. نەفسی ئامادەبوونی ئەوڕۆژەی شێخ ڕەحیمی کوڕی شێخی بورهان لە حەمامیان و لە دیوەخانی مەحموودئاغا، جێگەی سەرنجە و چەشنە ئامادەکارییەک لەلایەن سوپای ئێران و شەخسی سەرلەشکر هومایوونییەوە دەگەیێنێت. شێخ ڕەحیم وەک ناحەز و دژکاری کۆمار دەناسرا و دەگوترێت دوای گیرانی قازییەکان، نامەی سکاڵا و گازندە لەوانی بەناو خەڵکدا گێراوە و پێی ئیمزا کردوون و تێیدا داوای ئیعدامی پێشەوای کردووە. دەگوترێت گوایە شێخ نامەکەی بردبێت بۆ عەلیاغای عەلیار بەڵام جوامێری شەخسی و ڕەگی عەشیرەیی ئیجازەی مۆرکردنی نامەکەی بە عەلیاغا نەدابێت و داواکاریی شیخ ڕەحیمی دابێتە دواوە.

دیارە ئەو بۆچوونەی من لەمەڕ ئامادەکاریی پێشتر بۆ کۆبوونەوەکە، تەنیا بۆچوونێکە و هیچ فەکتێکی لەپشت نییە، جیاوازیشە لەو هەواڵەی وا کاک ناسری عەلییار لە ووتارەکەیدا دەماندانێ. بەگوێرەی ئەو، مەحموودئاغا و کوڕەکانی نەیاندەزانی میوانەکانیان کێن و کێ لە ترومبیلەکە دێتە خوارەوە (ل. ١٣٠).

هەڵسەنگاندنی نووسەر لە ڕووداوەکە و کەسایەتییەکان، گەلێک مەنتیقی وبێ لایەنانەن و گەرچی هەستیارییەکی شاعیرانە و لایەنگریی ڕێبەرانی کوردی بەڕوونی تێدا دەبینرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش دەکرێت وەک بەڵگەیەکی مێژوویی و هەواڵێکی ڕاست باوەڕی پێ بکرێت و پشتی پێ ببەسترێت، لەبەر ئەوەی نووسەر لە بنەماڵەی عەلیاری ئامۆزای ئێلخانی زادەکانە و دەکرێت ئەم هەواڵانەی لە کەس وکاری خۆی بیستبێت. سەدبریا کاک ناسر ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە سەرچاوەی هەواڵەکانیش بکردایە، و بایەخی کارەکەی خۆی پێ ببردایەتە سەرێ.

بەهۆی کورت بوونی ووتارەکە خۆیەوە، پێویست بە ناساندنی زیاتری نابینم و بانگی خوێنەر دەکەم ڕاستەوخۆ بچێتە سۆراغی هەواڵەکان و بیانخوێنێتەوە.

بەداخەوە لەبەر هۆکاری تێکنیکی نەمتوانی ووتارەکە کۆپی بکەم ولێرەدا بیهێنمەوە. بەڵام ئەوە ئەدرەسی گۆڤاری ڕامان و لاپەڕەکانی ووتارەکەیە لە سەر ماڵپەڕی گۆڤارەکە:

http://www.raman-media.net/164/r24.pdf

ئەوەش ئەدرەسی وێبلاگی "خەونباز" بۆ هەمان بابەت:

http://www.raman-media.net/164/r24.pdf

---

[3] کۆبوونەوەی حەمامیان لەڕۆژی ٢٥ ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٦ی دیسامبری ١٩٤٦) دا بەستراوە. بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، *"حکوومەتی کوردستان – کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا"* ،ناشر ؟، شوێن؟ ١٩٩٣، ل. ٢٦٥

هیوادارم نووسەر کە وێدەچێت شارەزاییەکی زۆری ڕووداوەکانی ئەو ساڵانە، هەروەها قەڵەمێکی بەهێزی بۆ گێرانەوەی ڕووداوەکان هەبێت، بە ووتارێک و دوان ڕانەوەستێت و بابەتی نەبیسراو و نەگوتراوی مێژوویی زیاترمان بخاتە بەرچاو. ئەندامانی بنەماڵەی نووسەر ئاگاداری کەلێک ڕووداوی مێژوویی ساڵانی کۆمار و ساڵانی دواتری ناوچەکە هەن و گەلێک خوێندەوار و قەڵەم بەدەست و کتێب خوێنی وەک نەمر "عومەرئاغای عەلیار" یشیان هەبووە و هەیە؛ ڕاگواستنی هەواڵەکان لەزمان ئەندامانی بنەماڵەی خۆیانەوە، ئەرکێکە لە سەرشانی کاک ناسر هەروەها کاک تایری عەلیار و ئەو کەسانەی تری بنەماڵەکە وا تێکەڵاوی سیاسەت وکاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگین.